# دەنگێك لە کەرکوکەوە

**کاوێزمەلاپەروێز**

**کەرکوك**

K_mlaprwez@yahoo.com

## بەشی چوارەم

**لایەنێکی تری ئەم باسەم پەیوەندی بە روو و روخساری ئەگەر ناوی بنێن ئەزمون یان حکومەتی کوردستانەوە هەیە ئەویش بە بۆچونی خۆم ئەوەیە کە جوانتر دەبوو ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان تۆرکمانێك بێت با ئەو تورکمانەیش پالێوراوی یەکێك لەو دوو حزبە بێت,وادەزانم رەونەقی ئەم سیستەمەی ئێمە گەشاوەتر دەبوو ئەگەر پایەیەك لە و پایە بڵندانە بۆ عەرەبێك بێت,خۆ دەکرێ سەرۆکی هەرێم چەند جێگرێکی هەبێ بۆ نمونە با جێگرێکی تورکمان یان عەرەب هەبوایە  دەتوانرا لەم قۆناغە کاری کەرکوك را دەستی ئەو بکرێت بە چاودێری سەرۆکی هەرێم..**

**لەوەش دەگەم ئەمە قۆناغی یەکگرتنەوەیە و تێکەل بوونی دوو ئیدارایە وەڵێ شارەزایەکیشم لە کاروباری ئیدارەدا هەیە بۆیە وادەزانم مەترسی نەدەبوو ئەگەر تەکلیفی نەتەوەکانی تر بە تایبەت تورکمانی کەرکوك و عەرەبی موسل و کەرکوك بکرابان بۆبەشدارکردنیان لەو پرۆسەیە و پشکیان هەبوایە لە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان بە تایبەت لەم قۆناغەدا کە بەرەو جێبەجێکردنی مادەی 136ی دەستور دەرۆین و رۆڵ و پێگەی ئەو نەتەوانە لە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتیدا هەبایە رەنگدانەوەی ئیجابی دەبوو لەسەر ئەو ناوچە دابراوانە بە تایبەت کەرکوك کە کێشمەکێشی زۆری لەسەر دەکرێ,یەك لەو فاکتەرانەی کە کورد دەبێ کاری لەسەر بکات دروستکردنی کۆدەنگیەکی جەماعیە لە نێو پێکهاتەکانی کەرکوك بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو دەنگە نەشازانەی کە جارێك لەبغداوە جارێکیش لە ئەنقەرەوەگوێمان لێ دەبێ..هەرچەند نەکورد و نەیش هیچ لایەنێکی تر ناتوانێ سەددەرسەد کۆدەنگیەکی وا دروست بکات لەسەر مەسەلەیەکی وا چارەنوسساز وەڵێ چانسی کورد لە لایەنەکانی تر لەپێشترە بۆ ئەو کۆدەنگیە بە حکومی ئەو راستیە کە ئەم شارە دەبەستێتەوە بە مێژووی کوردستان کاریگەری جوگرافیاش رۆڵی خۆی دەبێ کە ئەم دوو شارە ( کەرکوك-موسل)دابراوە لە کوردستان لە نێۆ هەناوی کوردستاندایە کاریگەری هەولێر-سلێمانی بۆسەر کەرکوك-هەولێر-دهۆك بۆسەر موسل لەشارەکانی تری ئێراق بە بەغدای پایتەختتیش زۆر زیاترە.**

**ئەنجام دەبێ هەموو رێگاکان بەو ئاراستەیە بەرین کە هەردوو شاری دوور دەستی ئیدارەی کوردستان بگەرێنەوە سەر هەمان رێگای نیشتمان,وە دەشبێ بە پراکتیك ئەم دووشارە ببنە ئەولەویاتی ئەجندەی سەرکردایەتی کوردستان.**